نیشتمانێکی ئازادو
گەلێکی بەختیار
دیموکراسی بۆ عێراق
مافی بڕیاردانی چارەنووس
بۆ گەلی کوردستان

کرێکارانی جیهان یەکگرن!

# ڕێگای کوردستان

REGAY KURDISTAN

یەکەمین ژمارەی بە نێوی (ئازادی)یەوە لە نیسانی ساڵی 1944دا دەرچووە

ژمارە (498)ی ساڵی (57)
دووشەممە (15)ی نیسان (ئەپریل)ی 2002
(26)ی نەورۆزی 2702ی کوردی

هەفتەنامەیەکی سیاسییە - ئۆرگانی حزبی شیوعی کوردستان- عێراق


## پیرۆزبایی

بەبۆنەی (54)ەمین ساڵوەگەری دامەزراندنی یەکێتی گشتی قوتابیان لە کۆماری عێراق‌و (32)ەمین ساڵوەگەڕی یەکێتی گشتی قوتابیانی کوردستان، جوانترین چەپکە گوڵی پیرۆزبایی ئاراستەی ئەم دوو ڕێکخراوە تێکۆشەرە دەکەین‌و، هیوای سەرکەوتنیان بۆ دەخوازین، دیارە ئەم دوو ڕێکخراوە چەندین ساڵە وەکو دوو تیپی پێشکەوتنخوازو هەڵگری پەیامی زانستی‌و ڕۆشنبیری هاوچەرخ شێلگێرانە لە ڕێگای بەرزکردنەوەی ئاستی پەروەردەو دامەزراندنی سیستەمێکی کراوەو مەنهەجێکی دەوڵەمەندو مەعریفی بۆ خوێندن درێژە بە خەبات‌و تێکۆشانی پیشەیی‌و نیشتمانی خۆیان دەدەن‌و لەم بارەیەشەوە خاوەنی چەندین تۆماری مێژوویی‌و لاپەڕەی پڕشنگداری پڕ لە سەروەری‌و داهێنانن.

مەکتەبی ڕاگەیاندن


ل3
هاوڕێ کەریم
لە دیمانەیەکی ڕۆژنامەی برایەتیدا

ل4
مەریوان وریا قانع:
ئەنفال وڵامێکی جینۆسایدیانە بوو بە هەر هێزێك لە عێراقدا(دەوڵەتی خێزانی) . . .

ل7
هەوڵەکانی ئاوەدانکردنەوە لە هەڵەبجەی شەهید لە ئاستی لایەنی کەمی

ل10
بە بۆنەی گفتوگۆی پەرلەمان لەسەر یاسای یەکێتی مامۆستایانی کوردستان،
چەند سەرنجێکی مامۆستایانی پیشەیی








# تەنها بە دادگایی کردنی سەرانی ڕژێم، برینی ئەنفال سارێژ دەبێت

شاڵاوی ئەنفال ئەگەرچی تاوانێکی نوێ‌و سەرەتایەکی تازە نەبوو لە سیاسەتی پاکتاوکردنی ڕەگەزی‌و جینۆسایدی ڕژێمی بەعس لە دژی گەلەکەمان‌و بەڵکو ئەڵقەیەك بوو لە زنجیرە تاوانکارییەکانی ئەم ڕژێمە، بەڵام هیچ کامێك لەو تاوان‌و سیاسەتە بەربەرییانەی ئەم ڕژێمە بەقەد شاڵاوەکانی ئەنفال دڕندانەو بەربەرییانە نەیتوانی زەبری جەرگ بڕو کەمەر شکێن ئاراستەی گەلەکەمان بکات‌و، دواتریش برینێکی گەورە لەسەر هەست‌و باری دەروونی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی نەتەوەیی کورد بکات.

شاڵاوەکانی ئەنفال لە پاڵ ئەوەی یەکێك بوو لە لوتکەی تاوانە خوێناوی‌و هیتلەرییەکانی ڕژێمی عێراق لە هەمان کاتدا ڕاگەیاندنی سیاسەتی ئاشکراو ڕاشکاوانەی ئەم ڕژێمە بوو بۆ لەناوبردنی گەلی کوردو خاپور کردنی نیشتمانەکەی‌و سڕینەوەی هەموو ئاسەوارو مۆرکێکی نەتەوەیی ئەم گەلە.

دیارە ئەو دەورانەی کەوا گەلەکەمان تاوانی کەمەر شکێنی پرۆسەو هێرشەکانی ئەنفالی لە دژدا پیادە دەکرا بەرژەوەندی ئابووری وڵاتانی زلهێزو هێڵە گەرمەکانی ململانێی دەوڵەتە دەست ڕۆشتووە خاوەن بڕیارەکانی جیهان بوو مایەی بێدەنگ بوونیان لە بەرامبەر ئەم تاوانە مرۆییە گەورەیە.

ئێستا لە کاتێکدا چواردە ساڵ زیاتر بەسەر ئەم دیرۆکی خەمناك‌و خەفەت ئامێزەدا تێدەپەڕێت تاکو ئێستا لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی‌و لەسەر مێزی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی‌و ڕێکخراوەکانی تایبەت بە مافی مرۆڤ تاوانی ئەنفال بە شێوەیەکی ڕەسمی سەیر ناکرێت‌و نەبۆتە باس‌و ڕوداوێکی گەرمی نێو کۆڕو کۆبوونەوە ڕەسمییەکانی وڵاتانی دەست ڕۆیشتووی جیهان، هەروەها لەسەر ئاستی نێوخۆش تاکو ئێستاش لەگەڵدابێت لە ڕێگای چاککردنی باری بژێوی گوزەران‌و دابینکردنی زەمانەی کۆمەڵایەتی بۆیان هەوڵی ئەوە نەدراوە تۆزێك لە خەمە قورسەکان‌و باری گەورەی سەر شانیان‌و باری شپرزەیی دەروونی کەس‌وکاری سەر بڵندی ئەم قوربانیانە پاك بکرێتەوە.

دیارە یادکردنەوەی ساڵانەی ئەم یادەوەرییە تاڵ‌و پڕ لە سفت‌و سوێ‌و گرتن‌و سازدانی کۆڕو کۆبوونەوە لە بارەیەوەو خوێندنەوەی بابەتییانەو مەعریفییانە بۆی‌و هەوڵدان بۆ زیاتر ناساندنی توخمە بنچینەییەکانی ئەم ڕژێمەی کەوا کارەساتی ئەنفالی خوڵقاندو توێژینەوە لەو ژینگە سیاسییە کەوا ئەنفالی لە چوارچێوەیدا بەرپاکراو زیاتر ڕاڤە کردن‌و تاوتوێ کردنی ئەو هۆکارانەی بوونە مایەی کەوا ڕژێمی عێراق بەبێ دەنگی ئەم کارەساتە گەورەو مرۆییەی بەسەردا تێدەپەڕێت. هەم ئەرکێکی مێژوویی‌و نیشتمانی‌و نەتەوەیی‌و هەم زیاتریش ئاگادارکردنەوەی نەوەی دوای ڕاپەڕینە لەم مێژووە خوێناوی‌و مەرگ ئامێزە، چونکە وەك دەڵێن ڕووداوە خوێناوییەکان‌و کارەساتەکانی نێو لاپەڕەکانی مێژوو چەندە گەورەو سامناك بن ئەگەر بەردەوام بابەتییانەو مەعریفییانە تیشکی یادکردنەوەیان نەخرێتە سەر ئەوا لە سەرەنجامدا ڕەنگ‌و سیماو ڕوخسارێکی ئەفسانە وەردەگرن. دیارە ئەم ڕژێمەی کارەساتی ئەنفال‌و سیاسەتی پاکتاوکردنی ڕەگەزی‌و ئەڵقەکانی تری جینۆسایدی لە دژی گەلەکەمان بەرپاکرد تاکو ئێستا لەسەر تەختی دەسەڵات ماوە هەر بۆیەش دووبارەبوونەوەی ئەنفال‌و سەرجەم سیاسەتە دژە مرۆییەکانی تری ئەم گەلە مەترسی‌و هەڕەشەی جددین لەسەر ئێستاو ئایندەی گەلەکەمان‌و تاکو ئەم ڕژێمەش مابێت ئەوا ئەگەری ڕوودانی چەندین کارەساتی تری نەتەوەیی هەر بە زیندوێتی دەمێنێتەوە.

هەربۆیەش دەبێت ئەمڕۆ جوڵانەوەی ئازادیخوازی کوردستان‌و سەرکردایەتییە سیاسییەکەی گەرمتر بێنە مەیدان‌و لە ڕێگای یەکخستنەوەی ناوماڵی خۆمان‌و یەکخستنەوەی گوتاری سیاسی‌و خەباتی دیبلۆماسی تاوانی ئەنفال زیاتر بە ڕای گشتی جیهان بناسرێت‌و هەموو جۆرە فشارو شێوازێکی دیموکراسی یان لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی بخرێنە گەڕ بۆ دادگایی کردنی سەدام‌و ڕژێمەکەی چونکە تاکە ڕێگاچارەیەك‌و هۆکارێك بۆ سارێژکردنەوەی برینەکانی ئەنفال لە پاڵ چاککردنەوەی باری بژێوی‌و گوزەرانی کەس‌وکاریان دادگایی کردنی سەرۆکی ڕژێمی عێراق‌و هەموو ئەو سەرکردە سیاسی‌و سەربازییانەیە کەوا ئەم تاوانەی ئەنجامدا.



## لە هەولێرو سلێمانی‌و کەلار
## مەراسیمی یادکردنەوەی کارەساتی ئەنفال بەڕێوە چوو

کاتژمێر 10ی سەر لە بەیانی ڕۆژی یەك شەممە ڕێکەوتی 14 / نیسان/ 2002 لە هۆڵی ڕۆشنبیری شاری هەولێر کۆنفرانسی زانستی- ئەکادیمی ئەنفال دەستی پێکرد.

سەرەتای کۆنفرانسەکە بە دەقیقەیەك وەستان بۆ گیانی پاکی شەهیدانی گەلەکەمان دەستی بە کارەکانی خۆی کرد.

دواتر چەندین وتاو بروسکەی جۆراو جۆری حزبی‌و حکومی لەم کۆنفرانسەدا خوێندرایەوە. جێی باسە وێرای ژمارەیەکی زۆر لە نوێنەری حزبی‌و حکومی‌و ئەکادیمی‌و جەماوەرێکی زۆر لە پسپۆڕان‌و مامۆستایانی زانکۆو نووسەران‌و ڕۆشنبیران‌و ڕۆژنامەنووسان، چەندین کەسایەتی سیاسی‌و ڕۆشنبیری نەتەوەی عەرەبی براش ئامادەی ئەم کۆنفرانسە بوون کە زۆربەیان لە دورترین وڵاتانی ئەوروپا بانگهێشتی ئەم کۆنفرانسە کرابوون‌و دیارتریشیان بەڕێزان کاظم الحبیب‌و د. فالح عبدالجبارو زهیر الجزائری‌و ژمارەیەك لە ڕۆشنبیرانی کوردی نیشتەجێی هەندەرانن وەك بەڕێزان د. نوری تاڵەبانی‌و جەبار قادرو عەلی مەحمود کە پسپۆڕو شارەزاو کارامەن لە نووسین‌و توێژینەوە لەسەر کارەساتی ئەنفال‌و جینۆساید.

هەروەها هەر لە ڕۆژی یەك شەممە ڕێکەوتی 14 / نیسان/ 2002 لە هۆڵی ڕۆشنبیری شاری سلێمانی لەژێر دروشمی (پێکەوە لەپێناو دووبارە نەبوونەوە تراژیدیای ئەنفال)دا مەراسیمێکی شایستە بە یادو بیرەوەری کارەساتی ئەنفال بەڕێوە چوو.

جێی باسە ئەم مەراسیمە کەوا بڕیارە بۆ ماوەی پێنج ڕۆژ بەردەوام دەبێت بە ئامادەبوونی ژمارەیەکی زۆرو بەرچاو لە جەماوەری شاری سلێمانی‌و نوێنەرانی حزبی‌و حکومی‌و کەسایەتی کۆمەڵایەتی‌و سیاسی‌و چین‌و توێژەکانی تری کۆمەڵ وێڕای زۆر لە خانەوادەو کەس‌وکاری سەر بڵندی شەهیدانی گەلەکەمان‌و جوڵانەوەی ئادیخوازی نیشتمانییەکەی کاروبارەکانی خۆی بەڕێوە دەبات.

هەروەها هەر لە هەمان ڕۆژ لە شاری کەلار بە ئامادەبوونی نوێنەرانی حزبی‌و حکومی‌و ژمارەیەکی بەرچاو لە کەس‌وکاری تێکۆشەرو خۆڕاگری قوربانییانی ئەنفال مەراسیمێك بۆ ئەم یادە تاڵ‌و حەسرەت ئامێزە ڕێکخرا. کە مەراسیمەکە لە بەردەم هۆڵی هونەرمەندانی شارەوە بەرەو بەردەم قائیمقامییەتی شار دەستی پێکرد‌و لەوێش وتاری حزب‌و لایەنە سیاسی‌و حکومییەکان تایبەت بەم بۆنەیەوە خوێندرایەوە.

## شاندێکی یەکێتی شۆڕشگێڕان سەردانی هاوڕێ کەریم ئەحمەد دەکات

ڕۆژی دوو شەممە ڕێکەوتی 8 / نیسانی/ 2002 شاندێکی یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان کە پێکهاتبوو لە بەڕێزان کاك حوسێن یەزدان پەنا سکرتێرو ژمارەیەك لە ئەندامانی سەرکردایەتی‌و کادیرانی یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان سەردانی بارەگای مەکتەبی سیاسی حزبمانیان کرد لە شاری هەولێر. لە لایەن هاوڕێ کەریم ئەحمەد سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی حزب‌و دیلمان ئامێدی ئەندامی مەکتەبی سیاسی‌و سەردار ئەنوەرو بابە عەلی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی پێشوازییەکی گەرمیان لێکرا. لەم دانیشتنەدا هەردوولا بابەتییانە تاووتوێی بارودۆخی سیاسی کوردستانی‌و ئیقلیمییان کردو پرسە گەرم‌و گوڕەکان‌و ئەگەری کۆمەڵێك گۆڕانکارییان خستە بەر باس‌و لێکۆڵینەوە.

## حزبمان پیرۆزبایی لە بزوتنەوەی دیموکراتی ئاشوری دەکات

**برایانی خۆشەویست**
**لە سەرکردایەتی بزوتنەوەی دیموکراتی ئاشوری**
**سڵاوێکی شۆڕشگێڕانە**

بە بۆنەی ( 23 )ەمین ساڵوەگەری دامەزراندنی بزوتنەوە تێکۆشەرەکەتان، گەرمترین پیرۆزبایی ئاراستەی ئێوەی بەڕێزو لە ڕێگای ئێوەشەوە بۆ سەرجەم ئەندامان‌و کادیرانی بزوتنەوەی دیموکراتی ئاشوری کوردستانی دەکەین، بەهیواین کاردانی تێکۆشانی نەتەوەیی‌و دیموکراتی‌و نیشتمانیتان هەرلە بەرەوپێش چوون دابێت. هەروەها هیواخوازین پەیوەندی نێوان حزبمان‌و بزوتنەوەکەتان زیاتر بەهێز بکرێت‌و بگاتە ئاستی ئەم قۆناغە سیاسییەی کەوا ئێستا لە هەمووکاتێك زیاتر پتەوی‌و یەکبوونی گوتاری سیاسی هەموو لایەکمانی گەرەکە لە بەرامبەر ئەگەری گۆڕانکارییە چاوەڕوان کراوەکانی سەر گۆڕەپانی سیاسی لەپێناو وەدی هێنانی گشت ئامانجەکانی گەلەکەمان لە عێراقێکی دیموکراتی‌و فیدراڵیدا.

**مەکتەبی سیاسی**
**حزبی شیوعی کوردستان**

## پێکەوە
## لە پێناو دووبارە نەبوونەوەی تراژیدیای ئەنفال



## لە بۆسەیەکدا
## 10 چەکداری ڕژێم دەکوژرێن

لە نیوەی یەکەمی نیسانی ئەم مانگەوە شەڕێکی یەك کاتژمێری لە نێوان یەکەیەکی سەربازی‌و مەفرەزەیەکی هێزی بەرهەڵستکاری ڕژێمی عێراق لە نزیك پارێزگای بەسرە ڕوویدا. لەم شەڕەدا کەوا هێزەکانی ڕژێم چەکی قورسی جۆراوجۆریان تیادا بەکار هێنا زیاتر لە (10) چەکداری ڕژێم کوژراون‌و، کە یەکێکیان ئەفسەرێکی (نەقیب)ە بەناوی فهمی عقیل الراوی کەوا خەڵکی گەڕەکی (حی اور)ی بەغدا بووەو ڕۆژی 8 نیسان تەرمەکەی هێنراوەتەوە بۆ بەغدا. جێی باسە دوای ئەم ڕووداوە ڕژێم بۆ ماوەی (48) کاتژمێر هاتووچۆی هاووڵاتییان لەم شوێنەدا قەدەغە کردووەو لە ڕێگای هێزێکی گەورەی پیادە کێومالی ناوچەکەی کردووە.

## سوید بڕیار دەداتو، چەپەکانیش دژی دەوەستن

بە پێی هەواڵێك کەوا لە ژمارەی (2729)ی کوردستانی نوێ بڵاوکراوەتەوە، حکومەتی سوید بڕیاری داوە (4) هەزار پەنابەری کوردی عێراق لە وڵاتی خۆی دەربکات‌و بیانێرێتەوە کوردستان، بۆ ئەم مەسەلەیەش (جان ئوکارلسونی) وەزیری کۆچی ئەم وڵاتە ڕایگەیاند کەوا لەم ماوەیەدا دەست دەکرێت بە جێبەجێکردنی ئەم بڕیارە، چونکە بارودۆخی ئاسایشی باکوری عێراق ( بە گوتەی ئەو) ئارامە بەڵام بەرامبەر ئەم بڕیارەی حکومەت، حزب و هێزە چەپەکانی سوید لە دژی وەستاونەتەوە.. جێی باسە مەسەلەی دەرکردنی ئەو (4)هەزار کوردە پەنابەرەی مشتومڕێکی زۆری لە نێو پەرلەمان‌و نێوەندە سیاسییەکانی ئەم وڵاتە ناوەتەوە. بەڵام وەکو دیارە حکومەتی سویدی سورە لەسەر جێبەجێکردنی بڕیارەکەی .